

# بێژەنی تەرەقی
# شاعیری سترانە دانسقە و
# خەیاڵ بزوێنەکان

**وەرە باوەك شەوڕۆژ لەخەم و شادی دا**

**سپی پۆش و ڕەش پۆشی یەکتر بین**

ئەودەمەی دەستی چارەنوس، سەرگوزەشتەی ژیانی هونەرمەندێك دەنوسێتەوە و هونەر هاوکات لەگەڵ چارەنوسێکی داسەپاودا، دەڕژێتە سەر ژیان و ڕۆحیەوە، هەستدەکات خاچێکی بەردینی قورس بەسەر شانیەوەیە و دەیگێڕێت و کاتێکی پڕلە قیرە و قاڵ و هاوار، بەسەر نوسینەکەیدا دادەڕژێت. کاتێك تێکەڵ بە نەفرەت لێکردن و دەست خۆشی کردن، سوپاس و جوێن، لەوکاتەدا هەستدەکات تان و پۆی وجودی لەگەڵ تان و پۆی ئەم کاتە پڕلەدەنگەدەنگ و هاوارەدا پەیوەندیەکی داخراو نەپچڕاوی هەیە، نەك هەر لەگەڵ ئەمانەدا، بەڵکو لەگەڵ تاك بەتاکی هەمو خەڵکی دنیادا....

پەیوەندەیەك کەناوەکەی تری بەرپرسیارێتی و پەیامی هونەرە.

دەستەیەك لەژێر باری قورسی خۆیدا، چەند هەنگاوێك زیاتریان هەڵنەهێناو و لە جووڵ دەکەون...

بەڵام تەنها دەستەیەکی لەژمارەدا کەمن، کەدەتوانن خاچەکەی خۆیان بە کۆڵ بکێشن و لەوشوێنی حەوانەوەیەی کەلەپانتایی ئەبەدیەتدا سەری لەئاسمان سمیوە، وەك ئاڵایەك هەڵیدەدەن.

بۆ توێژەر، هیچ کارەساتێك بەئازارتر لەوەنیە مەجبور بێت بۆ خۆپاراستن لە بیرتەنگیەکان و خۆ پەسەندیەکان، ڕونبێژی لە پەردەی درکەدا بشارێتەوە و ڕاستی و پاراوی کەلام و نوسینەکەی لەغوباری لێڵی و خوازەدا!

لەڕیزی پێشەوەی ئەوشاعیرانەی بەرهەمی ناوازەیان لە هونەری ستران بێژی، یان «هۆنراوە»دا خولّقاندوە بێژەنی تەرەقی خوڵقێنەری شۆڕئەنگێز ترین، ڕەوان بێژانە ترین و پڕمانا ترین بەرهەمەکانە، دوبارە وتنەوەی ئەم ڕوانینەم لەحاڵێکدایە کە( بەپێچەوانەی لەبەرچاوگرتن و ڕێز لێنانی لایەنی ڕاستی و دروستی و ئینساف ) ئاگام لەلایەنە بەرچاو تەنگەکانە لە لێکۆڵینەوەکەمدا، لەسەر ئەم هونەر مەندە. ئەگەر نا بێ هیچ شکێك و بەدڵ نیاییەوە، ڕای من زۆر لەمە زیاتر و ڕوونتر بوو و ڕەنگە بەهەندێك بەڵگە کە هەموو گومان و لێڵیەکانی دەسڕیەوە و بە هەڵسەنگاندنێکی وردی نێوان شیعری ئەو و بەرهەمی ئەوانی دی. بەڵام ئەو ئەوانی دیەی خۆیان لەپێشتر و گرنگ تر دەبینن...

زاڵبوونی ئافرێنەرانەی ئەم شاعیرە، کەلەگەڵ گۆشە و دەزگا مۆسیقاییەکاندا ئاشنایە و بە یارمەتی ئاواز لە ڕوانگەی ناوەڕۆکە بەرجەستەکان لە غەزەل بێژیدا، ئاسانتر و باشتر لەهەر ئەویترێك، تێکەڵەی هەندەسی کەلامی لەگەڵ نوسینی مۆسیقایی وشەدا، پێکەوە گرێدەدات و لەم ڕوانگەشەوە شارەزاتر لە هەر شارەزایەك تانی هەرنەوایەك لەگەڵ پۆی هەرکەلامێك دا بۆ دروستکردنی هەڵبەستێکی ئاهەنگین پەیوەند دەدات.

ناچار تێکەڵبوونی کردە عەروزییەکان و نەوا مۆسیقاییەکان، ئەبن بە هەڵگری ئەم توانایەی کەلەم تێکەڵ بوونی تان و پۆی پێکەوە بەستراوە، بەرگێکی ڕازاوەی سیحراوی و ئاوریشمێکی ڕەنگاڵەی جوان بچنرێت و بەنەوا دڵ ببات و بەمانا گیانە تینوەکان.

ئێستا ئەگەر مرۆڤ بوونی شاعیرێك، بەمانای ڕاستەقینەی وشە، مەرجێکی دیکەبێت بۆ هەڵسەنگاندن و خەملاندن لە هونەردا، بێژەن بێشك یەکێکە لە شاعیر ترینی شاعیرەکانی سەردەمی ئێمە، لەبەرئەوەی هونەرمەند، تائەوێ هونەرمەندە کە مرۆڤ بێت و هەرکەسێك لەم مرۆڤ بوونە، بەهرەی زیاتری بردبێت بەهەمان ڕێژە، بەهەرمگەلێکی بەرزتر و سەرکەوتوتر بەدیدێنێت.

هۆی ئەم دۆخەش ئەوەیە لەڕۆژگارێکدا دەژین، ترۆپکی وشکەساڵی مرۆڤ بوون و هەڤیازیە... لەم کاتەدا کەناسینەوە و جوێکردنەوەی گڵ لە گەوهەر، یەکێکە لە هونەرە گەورەکان و هەرکەسەو لەگۆشەیەکەوە خواست و کەڵکەڵەی هونەر و سۆفی گەری و ڕێنمایی هەیە و بەبێ بوونی هیچ هونەرێك کەس بەکەسایەتی نازانێت، هونەرمەند بون زۆر مزنە.

بێخەبەر لەوەی: هونەر وەها بێنیازی و دەوڵەمەندیەك دەبەخشێتە

هونەرمەند کەلەهەموو شتێك بێجگە لەخەمی دڵی خۆی بێخەبەرە، خەمێك کەبەقەد هەموو پێوەرەکانی مرۆڤایەتی پانتاییەتی و تەنها لە ئازارەکانی دڵی خەڵکە کەدڵی ئەویش پڕلە ئێش و ڕێش دەکات.

**بردومانە لەیاد خەم و دەردی خۆمان**

**ئەوەندەی خواردومانە خەمی دڵ شکاوان**

**دڵمان دڵنیایە گەر مەرگیش بێتە پێش**

**ئازارمان نەداوە هەرگیز بەکینەوە دڵەکان**

**خوێنی دڵە ڕۆژیمان ئەی خودا سەبرێك**

**ئەوەندەی ناومانەتە سەرجگەر ددان**

مامۆستا محەمەد حسین شهریار کە بێژەن سەرسپێراویەکی زۆری پێی هەبوو، بەجۆرێك کەتا کۆتایی تەمەن هیچ لەو سەر سپێراویە کەم نەبوەتەوە. و بەوتەی شیخ الاسلام عبدالله انصاری:

«دوکەڵ لەئاگر و تۆز لە با وا خەبەر نادەن کە مورید لە پیر و شاگرد لە مامۆستا. ( مەبەست مورید و مراد ە لە ڕێبازی صۆفی گەریدا )» هەروەها کە چەندین جار بیستراوە و بینراوە لەدڵی مامۆستاشدا، نەك بەس میهرەبانیەکی دلۆڤانانە بەڵکو هۆگریەکی باوکانەیە.

زۆربەی کات بێژەنی تەرەقی بە هەڵبەستە بێخەوشەکانیەوە دەناسن و لە هەنگاوی دواتردا بە غەزەلە دڵگیرەکانیەوە، کەزمانی هەستی ئەون.

بەهەرحاڵ لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەگەر «ڕەهی معیری» جیاکەینەوە، چونکە ئەو دنیایەکی دیکەی هەبوو و بە شێوەیەکی گریمانەیی دەبێت لەگەڵ برگەیەکی زەمەنی پێشتردا هەڵ سەنگێندرێت و لەو زەمانەدا ئەو خوڵقێنەری شێوەیەکی نوێ لە هونەری هەڵبەستوانی بوو... پاش ئەو دەکرێت شاعیرە هەڵبەست وانەکان بەسەر سێ دەستەدا دابەشبکەین:

ئەوانەی هەڵبەستی قورس سازدەکەن، ئەوانەی سوك سازی دەکەن و ئەو دەستەیەی لەگەڵ چەمکە سەیر و سەرسوڕ هێنەرەکان! بۆنمونە مۆسیقی جاز هەڵبەست سازدەکەن و ئێمەش چ بڵێین لەگەڵ ئەم دەستەیە؟ هیچ قسەیەك نییە لەبەرئەوەی هەرگیز نەبینراوە هەڵبەستێکی لەو شێوەیە پاش چەند هەفتەیەك کەدەنگە دەنگێك لەنێو ئەوخەڵکە هیپی شێوازە، دروست نەکات ، پاشان لەبیرنەکرێت.

ئاشکرایە من لەگەڵ ئەمانەی کەبە قسەی خۆیان هەڵبەستی نوێ سازدەکەن و میلۆدی جاز و هیپین، دژایەتیەکم نییە، بەڵام سەرسوڕمانی من بۆئەوکارە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، ئەوان هەڵبەستوان نین و جاز نازانن و هیپیش نین. لاساییکەرەوەی چەند بێ مایە و بێ بەهرەیەکن.

لەنێو ئەوانەی هەڵبەست قورس سازدەکەن و هەڵبەستەکانیان مانا و چەمکی دڵگیری تێدایە و بە گومانی من بێژەنی تەرەقی بەڕوخسارێکی دیارەوە، لەڕیزی پێشەوەی ئەم دەستەیەدایە بێئەوەی ویستبێتم یەکێکیان بەوی تر هەڵبسەنگێنم یا کەسێك پێش ئەویتر بخەم، چونکە هەرکام لەوانە لە پێگەو و شوێنی خۆیاندان و هەرکام لەوان دنیایەکی تایبەت و جیاواز لەوی تری هەیە...

بەڵام لە ڕوانگەی حاڵ و هەیەجانەوە دەتوانرێت بوترێت هەڵبەستەکانی بێژەن، دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بەهەرحاڵ دڵنشیە و هەگیز بەتێپەڕبوونی کات کۆن و سواو نابن. هەڵبەستە بەناوبانگەکانی» مەستی مەی کەلە مەیخانە بێمەوە»، « بەرگی خەزان»، « لەزەمنێکدا کە مەحەبەت وەك ئەفسانەی لێهاتووە»، کە ساڵانێك پێش ئیستا وتراوە و هەرجارەی گوێمان لەهەرکام لەو گۆرانیانە دەبێت، دەڵێی ئەمڕۆ وتراون.

دەستەیەکی کە لە هەلبەستەکانی خۆیاندا، لە وشە باوە کۆمەڵایەتیکان کەڵك وەردەگرن، هەندێك جار بەرهەمی جوان و دڵ نشین دەڵێن و کارێکی هونەرمەندانەیە و هەندێکیان گەشتونەتە ئەوپەڕی ناسکی و بەناوبانگ ترینیان هەڵبەیت و گۆرانی «گوڵ هات و بەهار هات»ە .

بەهەر حاڵ بگەڕێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان و ئەویش شیعرەکانی بێژەنی



بێژەن تەرەقی

تەرەقیە و ناچاردەبێت پێشەکیەك بۆ ئەم قسەیەم بنوسم، لەبەرئەوەی بەدیاری کراوی شێوەی هونەری ئەو تەنها هەڵبەست نییە و لە غەزەل و مەسنەوی(دوو خشتەکی)یش دا لە زۆربەی هەڵبەست وانەکان، کە یەك یان دوو دانەیان نەبێت کەزۆر تایبەتن، جیاوازە. غەزەل و مەسنەویەکانی ئەو پڕن لەهەیەجان و حاڵ و ئەمانەش جیایان دەکاتەوە و دەربڕی هەست و سۆزی تایبەتی بێژەنن.

ئەتۆ کەلاف لێدەرانی عەشق زۆرن، چاوڕوانی لەچاوێکدا کە چاوەڕوانی دەیسوتێنێت نابینرێت، بەڵام بەلاساییکردنەوە، دنیا پڕە لەگلەیی و نیگەرانی دەستی یار و ئازارێك، کە هەرگیز بوونی نەبووە و سرشك بۆ داخی خەمێك کەهیچ کاتێك لەناخدا هەڵنەقولاوە. بەم حاڵەشەوە تەتانەت گەربشتوانن بەیارمەتی سیحری وشە تا مەودایەك بچنە پێش و غەزەلێك بڵێن و هەڵبەستێك هەڵبەستن، لەدڵەکاندا گیر نابێت و شوێنی خۆی ناکاتەوە.

ئەگەر هونەر وتن و پێش چاو خستنی هەست و سۆزەکان بێت، لەوشوێنەی نە هەست بەجێماوە و نەسۆز شوێن خۆی گرتووە، چۆن دەتوانی بڵێیت هونەر بوونی هەیە. ئەم کەسانە هەرگیز دڵیان لەخەمێك دا نەسوتاوە، لەبەرئەوەی دڵێك لەئارادا نەبووە تا لەڕەنج و ئازار و خەمی خەڵك دا هاوار هەڵێنێت.

لەودیو ئەم سەرگوزەشتەوە کەگلەییەکی تاڵ و ئازاراویە... دەبێت بڵێم کاریگەری خوێندنەوەی غەزەلەکان، مەسنەویەکان، پارچە ئەدەبیەکانی و بیستنی هەڵبەست و گۆرانیە دڵ گیرەکانی شاعیرێك بەناوی بێژەنی تەرەقیە لەسەر ئەم پێشەکیە خۆی دەنەخشێنێت... شاعیرێك کەبەبێ هیچ دوودڵیەك بە جەستە و گیان، شاعیرە و لەهەموو حاڵێك دا شاعیرە و شاعیرێکە سەراپا پڕلە میهرەبانی و هەیەجان و خۆشەویستی و بە ڕەفتارێك وەك داوێنی خۆرەتاو بەربڵاو و دنیا گیر.

**بێگەردی سینەم لەگەرمی قسەکانمەوە دیارە**

**نیشانەی عاشقی لەناڵەکانی منەوە دیارە**

****

**چاوەڕوانیەك میە لە دوژمن کەبەتەمای گیانمە**

**ئەوینی من و میهرەبانی من و وەفای دڵی من**

****

**وەك نەی بە نەغمە گرێی دڵم ناکرێتەوە**

**هەمە هەزار پەردەی خەم لە قورگی خۆم دا**

****

**بەختم یاوەر نەبوو لەگەڵ کاروان دا بڕۆم**

**ئەسوتێم ئەوەندەی وەك دوکەڵا لەناو بچم**

و دڵێك کە شنەی شەماڵێك تۆفانێك لە تان و پۆیدا هەڵدەستێنێت و ئەگەر شیعر سەرگوزەشتەی حاڵی شاعیر بێت، بێ هیچ سێو دوو یەك سەرگوزەشتەی حاڵی بێژەن یەکێکە لە دڵگیرترین ئەفسانەکان، چیرۆکێك کەدەکرێت باوەڕی پێبکەیت.

**خوێنی من، ئەی ئاگری بەربوو لەگیانم**

**هەڵقوڵاو تۆفانی زەریای چ کەسێکیت ؟**

**ئەی بیری پەرێشان لە قاقڕی وەفادا**

**شەو تابەیان، گەرمی تەمەنای چ کەسێکی؟**

**لەبەرئەوەی لە دۆستی دا هاوڕێیەکی بەخشندەیە و بۆ منداڵەکانی باوکێکی میهرەبان و هاوسەرێکی وەفادار.**

ئەمە سەرنجێك بوو لەدوورەوە بۆ سیمای جوامێری شاعیرێك کەلەودیو حەوت پەردەی ئیهام و خوازەوە، خۆ پیشان دەدات و ڕەنگدانەوەی خەرمانەی مرۆڤایەتی لەپەردەی ئەفسانەیەکی فەرامۆشنەکرودا...\

**سەرچاوە:**

- سرود برگ ریزان» چاپی 1351 شەمسی